

### لەخولی نایابی عێراق لەیاری تۆپی بالەدا.

# ئەمڕۆ/ یانەی هەولێر بەرامبەر یانەی شەقلاوە یاری دەکات

# سبەیش/ هەردوو یانەی ئەکادو شورتە بەیەك دەگەن

| سبەی پێنج شەممە ٧/١/٢٠١٠ |
|---|
| حەبانییە -هەولێر |
| ئەکاد - شورتە |
| مەسافی - پێشمەرگەی سلێمانی |
| هەینی ٨/١/٢٠١٠ |
| شورتە - مەسافی |
| شەقلاوە - حەبانییە |
| هەولێر - ئەکاد |
| شەمە ٩/١/٢٠١٠ |
| ئەکاد - شەقلاوە |
| مەسافی - هەولێر |
| پێشمەرگەی سلێمانی - شورتە |

لەکێ بڕکێی یاریەکانی خوولی نایابی عێراق لەیاری تۆپی بالەدا. ئەمڕۆ چوارشەممە ٦/١/٢٠١٠ئەم یاریانە ئەنجام دەدرێت. پێشمەرگەی سلێمانی بەرامبەر ئەکاد یاری دەکات. یانەی شورتەش بەرامبەر یانەی حەبانییە. یانەی هەولێریش رووبەرووی یانەی شەقلاوە دەبێتەوە. شایەنی باسە سەرجەم یارییەکانیش لەهۆلی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەنجام دەدرێت.

### یارییەکانی جەولەی سێیەمی خولی نایابی عێراق بۆ تۆپی پێ

# رۆژی شەممە: یانەی هەولێر میوانداری یانەی کەرکوك دەکات

# یانەی رومادیش رووبەرووی یانەی دهۆك دەبێتەوە

لەمیانەی یارییەکانی جەولەی سێیەرمی خولی عێراق بۆ یاری تۆپی پێ کە بریارە لە رۆژانی هەینیو شەممە کاتژمێر ٢ ی دوای نیوەرۆ سەرجەم یارییەکان ئەنجام بدرێت.

| هەینی ٨/١/٢٠١٠ | |
|---|---|
| یانە | یاریگا |
| موسڵ × سافی | موسڵ |
| سەماوە × نەجەف | سەماوە |
| نەوتی باشوور × میناa | نەوتی باشوور |
| دیوانیە × حدود | دیوانیە |
| شەرگات × سەلاحەدین | شەرگات |
| جەویە × بەغدا | جەویە |
| بەرید × نەوت | بەرید |
| هیندیە × سامەرا | هیندیە |

| هەینی ٨/١/٢٠١٠ | |
|---|---|
| یانە | یاریگا |
| موسڵ × سافی | موسڵ |
| سەماوە × نەجەف | سەماوە |
| نەوتی باشوور × میناa | نەوتی باشوور |
| دیوانیە × حدود | دیوانیە |
| شەرگات × سەلاحەدین | شەرگات |
| جەویە × بەغدا | جەویە |
| بەرید × نەوت | بەرید |
| هیندیە × سامەرا | هیندیە |

### دوای تەواوبوونی یاریەکانی قۆناغی یەکەم

# یانەی کەرکوك بە پاڵەوانی قۆناغەکە دەرچوو

دوابەدوای سازدانی ١٣ جەولەی لەخوولی نایابی کوردستان بۆ یاری تۆپی پێ، یانەی کەرکوك توانی بەپاڵەوانی قۆناغەکە بێت بە کۆکردنەوەی ٢٦خاڵ ویاریەکیش دواخراوی هەیە وەیانەی سەورەش بەپلەی ١٤ دێت بەکۆکردنەوەی ٦خاڵ، بریاریشە وایە هەفتەی داهاتوو یاریەکانی قۆناغی دووەم دەست پێدەکات ئەمەش ریزبەندی تەواوی قۆناغی یەکەمی خوولی نایابی کوردستانە.

| ١ | کەرکوك ٢٦خاڵ |
|---|---|
| ٢ | پێرس ٢٤خال |
| ٣ | بروسك٢٣خال |
| ٤ | پ.سلێمانی ٢١خا ل |
| ٥ | هەولێر٢١خا ل |
| ٦ | ئارارات٢٠خال |
| ٧ | هەندرێن٢٠خال |
| ٨ | دەهۆك١٩خال |
| ٩ | سیروانی نوێ ١٧خال |
| ١٠ | پ.هەولێر١٣خال |
| ١١ | نەورۆز ١٢خال |
| ١٢ | خاك ٩خال |

### نەجمەدین خەلیل : سەرۆکی یانەی وەرزشی قەڵا

# داواکارم لە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان کە بیر لەزیادکردنی مینحەی یانەکان بکەنەوە

یانەی وەرزشی قەلا یەکێکە لەیانەدیارو باشەکانی شاری هەولێر.ئەم یانەیە لەساڵی ١٩٩٨ بەفەرمی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دامەزراوەولەو ماوەیەدا توانیویەتی چەندین دەستکەوتی وەرزشی لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان بەدەست بهێنێت .سەرەرای ئەمەش تا ئێستا ئەم یانەیە بەهیچ شێوەیەك هۆل ویاریگای تایبەت بەیانەکە نییەوبەڵکو مەشق وراهێنانیان هەر رۆژەو لەشوێن وجێگایەکە.کەئەمەش گرفتێکەزۆر یانە لێی بێبەش بوونە.جابۆ ئەم مەبەستە وزیاتر ئاشنا بوون بەکارو چالاكییەکانی ئەم یانەیە رێگا سپۆرتس لەدیمانەیەکدا رووبەرووی بەرێز نەجمەدین خلیل بووەوەوئەم چەند پرسیارەی ئاراستەکرد:

دیمانە/ سەرهەنگ نەجمەدین



★ چۆن بیرتان لەدامەزراندی ئەویانەیە کردەوە ؟

- لەراستیدا ئێمە بەر لەدامەزراندنی ئەو یانەیە خۆم سەرۆکی تیپی میللی گەرەکی عەرەب بووم ،کە ئەم تیپەی ئەو کات هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ یانە وەرزشییەکانی شاری هەولێر چونکە تەنها تیپەکەی من نزیکەی ٨تا٩ یاریزان لەریزی یانەی وەرزشی هەولێریاریان دەکرد .جا ئەوەبوو بیرمان لەدامەزراندی یانەیەك کردەوە کەچی خۆشبەختانە یانەکەمان دامەزراندو تاکو ئێستاش بەردەوامم لەگەڵ ئەم یانەیە ..

★یانەکەتان چەند یاری لەخۆ گرتووە ؟

- نزیکەی ١٧ یاری وەرزشیمان هەیە لەسەر ئاستی کوڕان وکچان

★ لەکام یاری زۆر ئێوە پێشکەوتوون ؟

- لەیاری تۆپی باسکەو تۆپی سەرمێزو گۆرەپان ومەیدان وتوپی دەستی کچان وتایکواندۆ وشمشێربازی ولەش جوانی .

★ ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کەبەدەستتن هێناوە چین ؟

- لەیاری تۆپی سەر زەوی وجمناستیك وشمیربازی وگۆرەپان ومەیدان یەکەم ودووەمی کوردستانین .هەروەها لەیاری باسکەی لاوان وتۆپی سەرمێز سەرکەوتین بۆ پلە نایابی کوردستان.

★ رات چییە بەڵکاندنی یانەکەتان لەگەڵ یانەی تورکمان ؟

- ئەمە بڕیارێکە لەلایەن وەزارەتی وەرزش ولاوانی پێشوو دڕاوبەلاٚم دەکرا ئەم بڕیارەیان لەسەر ئێمە ویانەی تورکمان جێبەجێ نەکردبایە چونکە لەشاری هەولێرتەنها دوو یانەی تورکمان هەیە .

★دوای لکاندنی هەردوویانە چۆن ئیشوکارەکانتان بەرێوە دەبەن؟

- ئەوەی راستی بێت ئێستا هەردوو یانە بەیەك لیست مانگانە مینحە لەوەزارەتی رۆشنبیری ولاوان وەردەگرن،بەلاٚم چاوەرێی ئەوەین کە هەڵبژاردن لەنێوان هەردوو دەستەی کارگێری یانە ئەنجام بدرێ . ئینجا دەتوانین کارەکانمان بەرێکوپێکی راپەرێنین .

★ لەو بڕوایەدای کە کارەکانتان دوو لایەنانە بەرێوەبچێت؟

- بەڵێ لەو بروایەدامەبەرێکوپێکی دەتوانین کارەکانمان بەرێوە ببەین .چونکە هەردوو دەستەی کارگێری یانە ئامانجیان تەنها خزمەتکردنی یانەکەیەوبەتایبەتی بەرز راگرتنی ناوی یانەی وەرزشی قەلاٚی تورکمان

★ گیروگرفتتان چییە ؟

- گیروگرفت زۆرن بەلاٚم لەکێوە دەست پێبکەم و لەکوێوە کۆتایی پێی بهێنم . لەهەمووشیان گرنگتر نەبوونی هۆڵێکی تایبەت بەیانەکەمان کە ئەمە گەورەترین گرفتی یانەکەمانە کەچی تائێستاش بەهیچ شێوەیەك کەس لەبەرپرسانی وەرزشی خۆمان نەیتوانیوە چارەسەرێکمان بۆ بدۆزنەوە .

★ داواکاریتان چییە ؟

- داواکارم لە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان کە بیر لەزیادکردنی مینحەی یانەکان بکەنەوە چونکە ئەو مینحەیەی کە ئێمە وەردەگرین بەشی گرێبەستی دوویاریزان ناکات جا چۆن بتوانین بەم برە پارەیە چالاکییەکانمان بەرێوە ببەین .

full Time

# ساڵی نوێو وەرزشی پێشکەوتوو

سەلام حوسێن

ساڵێکی وەرزشی عێراقو کوردستانمان بەڕێکرد پێشوازی لەساڵێکی نوێ دەکەین.

چەندین چالاکی گەورەی نێودەوڵەتیمان بەڕێکرد چەندین دەستکەوتو ئەنجامی سەرنج راکێشمان بەرێ کرد لەسەر ئاستی کوردستانو وەرزی تۆپی پێی ٢٠٠٩-٢٠١٠بەهاوشێوەی ولاٚتانی جیهان ئەنجامدەدەین.

هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لەجامیVIVA سێیەم لەئیتالیا کرد دووەمی پاڵەوانیەتەکە بوو.

یانەی بروسك بۆ دووەم وەز جامی یانەکانی نایابی کوردستانی بەرزکردەوە.

خولی پلەیەكو لاوان تازە پێگەیشتوان پلە سێو پلە دووو هەڵبژاردەکانی ناوبژیوانانمان لەسەر ئاستی نێوخۆییو دەرەکی سازدا.

یانە پلە نایەبەکانی عێراقی بەرزکردەوە بەشداری کاریگەری لەجامی یانەکانی ئاسیا کرد.

ئابلۆقەی وەزرشی عێراقی لەدەرگای هەولێری کوردستان شکێنرا بەیاری نێوزدەوڵەتی عێراقو فەلەستین.

یەکێتی تۆپی پێی عێراق دیارترین رووداوەکانی ساڵی رابردوو بوو بەردەوامی چالاکیو دەستکەوتو ئەنجامی نێوخۆیو دەرەکی هیوادارم ساڵی ئایندە دەزگایەکی بڕیاردەری ناوەندی کوردستانیمان هەبێت بەپەسەند کردنی لەپەرلەمانی کوردستان.

یانەکانی هەولێرو دەهۆك دەستکەوتەکان باشتر بکەنو پارێزگاری لەنازناوەکان بکەن..

وەساڵی نوێ بکەین ساڵی بونیادنانو دروستکردنو بوژاندنەوەی زیاتری یاریگاو هۆلە داخراوەکان بوودجەو خەرجییەکانی یانەکان زیاد بکەینو یانەکانو یەکێتییە وەزرشییەکان چالاکتر بکەین.